گواستنەوە: مانگی ئازاری داهاتوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ناسریە دەکرێتەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە "ڕەزاق محبیس سەعداوی" وەزیری گواستنەوەی عێراق، ڕایگەیاند کە سەرجەم کۆشش و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ناسریە چارەسەر کراون و پڕۆژەکە لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا بە هووی گەشتیاراندا دەکرێتەوە.

وەزیری گواستنەوە لە کاتی بەسەرکردنەوەی مەیدانیی پڕۆژەکەدا، بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتێع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: جێبەجێکردنی کارەکان زێر پێش کەوتنی بەخێوە بینیوە،و سەرجەم ئەو گرفتە دارایی و کارگێیانیی کە کەمپانیای جێبەجێکار پێیانەوە دینانێاند، وەک مەرکردنی پاشکۆی گرێبەستەکان و شایستە داراییەکان،و بە تەواوی چارەسەر کراون.

"سەعداوی" ئاماژەی بەوەشکرد : کە ئێستا لە قۆناغی ئامادەکارین بۆ "کردنەوەی ئەزموونی" پڕۆژەکە و لە چاوەڕوانی گەیشتنی ئامێرە پێشکەوتووەکانی گەشتیاری ئاسمانیین (ملاحة) کە لە وەاتانی ئەورووپاوە و بەپێی ستاندارد جیهانییەکان دابین کراون.

جەختیشیکردەوە کە ئەم فڕۆکەخانەیە دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی ئابووری و گەشتیاری بۆ پارێزگای زیقار و عێراق بە پێیوەندی بە جیهانی دەرەوە.

لای خۆیەوە"هیسەم حەمدانی" پارێزگاری زیقار ڕایگەیاند کە حکومەتی خۆجێی سەرجەم فەرمانگە

خزمەتگوزارییەکانی پاسپاردووە بە ئەوی لە کاتی دیاریکراودا کارەکانی ئاو،و ئاوەڕۆ،و کارەبا و گاوبانی فڕۆکەخانەکە تەواو بکەن تاوەکو هیچ گرێیەک لەبەردەم کردنەوەی پڕۆژەکەدا نەمێنێت.